# باسێکی مێژوویی دەربارەی سامییەکان

هۆشەنگ سالح نەجار
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئەدەبیات)

سامییەکان لەو گرووپە نەتەوانەن، کە دەگوترێت لە تۆرەمەی (سام کوڕی پەیامبەر نووح)ن(١)و ناوەکەشیان هەر لەوەوە هاتووە(٢)، جگە لەم گێڕانەوەیە هەندێ بیردۆزی زانستی بۆ گەڕاندنەوەی بنەچەی سامییەکان بە سەرچاوەکەیان لە ئارادان، هەروەها هەوڵیان داوە شوێنی سەرهەڵدانیان و دواتر گەشەکردن و کۆچکردنیان بەرەو ناوچەکانی دیکە دیاری بکەن، بەڵام ئەوانەی کە سامییەکان بە کۆنترین گرووپی نەتەوەکان دەزانن، نەیانتوانیوە بۆ دەرخستنی ڕاستی بیردۆزەکەیان بەڵگەی زانستی بخەنەڕوو، لە کاتێکدا گرووپی نەتەوەکانی (ئاری نەژاد) لە کۆندا ڕکابەری سەختی سامییەکان دەکەن.

هەندێ لە سەرچاوە و بۆچوونەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بنەچەی سامییەکان بۆ بەشی باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەم سەرچاوانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لە ڕاستی نزیک بووبێتنەوە، کەواتە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی شام و نیمچەدوورگەی عەرەبی، مەڵبەندی سەرەکی ئەو هۆز و نەتەوانە بوون(٣)، بەپێی پشت بەستن بە زانستەکانی پۆلێنی زمانەوانی، ناوچەی سامییەکان دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوچەی (میزۆپۆتامیا و دۆڵی ڕووباری نیل)و دەکرێنە سێ گرووپی سەرەکی: (گرووپی باکوور، گرووپی ناوەڕاست، گرووپی باشوور)، گرووپی باکووریشی دەبێتە دوو بەش، ئەوانیش ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، ڕۆژهەڵاتەکەی نەتەوەکانی (بابلی و ئاشووری) دەگرێتەوە(٤)، کە دوو نەتەوەی ئێراقی کۆنن و شێوازی قسەکردنیان سامییە، بابلییەکان لە مێژوودا دوو دەوڵەتی گەورەیان لە ئێراقی کۆندا بنیادناوە، کە دەوڵەتی بابلی یەکەم و بابلی

دووەمە، لە دەوڵەتی بابلی یەکەمدا سەرکردەی بەهێزی وەک حامورابی (١٧٥٠- ١٧٩٢پ.ز)یان تێدا هەڵکەوتووە کە خاوەنی یەکێک لە کۆنترین یاساکانی مێژووی مرۆڤایەتییە کە بە خەتی بزماری لەسەر بەردەمیلێک نووسراوەتەوە، وێڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا زانست و ئەدەب و ئەندازیاری تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتوو بوون، ماوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی دووەمی بابلییەکان دەکەوێتە نێوان ساڵانی (٦٢٦- ٥٣٩پ.ز)، (نەبوخزنەسر ٦٠٥- ٥٦٢ پ.ز) نموونەی پاشای بە هێزی ئەو دەوڵەتە بوو، شاری بابل لە ساڵی (٦٨٩پ.ز)دا لەسەردەمی پاشا سەنحاریبی ئاشووری وێران کرا، دواتر لەسەردەمی پاشا (ئەسەرحەدوون) جارێکی تر ئاواکرایەوە، لە ساڵی (٥٣٩پ.ز)دا لەلایەن کۆرشی ئەخمینییەوە داگیرکرا، تا هاتنی ئەسکەندەر لە ساڵی (٣٣١پ.ز)دا لە ژێر دەستی ئەخمینییەکاندا مایەوە (٥)، ئاشوورییەکانیش کە زیاتر لە باکووری میسۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون، بەپێی سەرچاوەکان نیشتەجێ بوونیان لەم ناوچەیە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، توانییان دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکەن، کە لەسەدەی چواردەی پێش زاییندا دەوڵەتەکەیان گەیشتە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن، لە ناودارترین پاشاکانیان وەک تیفلاسەر (١١١٧- ١٠٧٧پ.ز)و سەرجۆنی ئاشووری (٧٢٢- ٧٠٥پ.ز) بوون، گرنگترین شارەکانیان بریتی بوو لە: شەرگات و کلخ (نەمرود) و نەینەواو دۆرشرۆکین (خرساباد)و هەولێر (ئەربائیلۆ)، ئەم دەوڵەتە لە پلەیەکی باڵای شارستانیەتدا بوو، زۆرجار بە کانگای سەرهەڵدانی شارستانییەت ناودەبرێ، لە نێوان ساڵانی (٦١٢- ٦١٠پ.ز)دا لە لایەن میدییەکانەوە بە هاوپەیمانێتی بابلییەکان دەوڵەتەکەیان لە نێوبرا(٦).

بەشی ڕۆژئاوای گرووپی باکووری سامییەکان دیسان دەبێتەوە دوو بەش، ئەوانیش ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتن، ڕۆژهەڵاتەکەی ئەم بەشە نەتەوەکانی (سریانی و سابیئی و نەبەتییەکان) دەگرێتەوە (٧)، سریانییەکان خاوەن زمانێکی سەربەخۆن، لە وڵاتی سووریا و میسۆپۆتامیا (ئێراق) نیشتەجێن، تەنانەت گرووپی (مالنکارییەکان)ی وڵاتی هیندیش لە سریانییەکانن، زۆربەیان لەسەر ئایینی مەسیحین، لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا کلێسەی کاسۆلیکی سریانییان دروست کرد، ڕێوڕەسمی ئایینی سریانەکان لە کلێسای ئەنتاکی وەرگیراوە کە بە زمانی سریانی جێبەجێی دەکەن، سابیئییەکانیش لە حەڕان لە (وڵاتی تورکیا)و بەشێکیان لە (ئێراق) نیشتەجێن، بە (سابیئی مەندایی)یش ناودەبرێن، ئایین و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە، نەبەتییەکانیش لەو کۆمەڵە هۆزە عەرەبییە دەشتنشینانە پێکدێن کە هەر لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە لە ناوچەکانی باشووری فەڵەستین دەژیان، ماوەیەک شاری (بەترا)ی ئادوومییەکان پایتەختیان بووە، بۆ یەکەم جار لە دوای هێرشی سلوق ئانتیغۆسی لە ساڵی (٣١٢پ.ز)دا ناویان لەمێژوودا دەرکەوتووە، شوێنەواریان بەسەر شارستانییەتی هێلنیستیدا دیارە، لە سەردەمی (ترایانس)ی ئیمپراتۆری ڕۆم لە ساڵی (١٠٦پ.ز)دا کۆتایی بە دەسەڵاتیان هاتووە، بەشی ڕۆژئاوایەکەشی (سامیری و تەدموری و ئارامییەکان) دەگرێتەوە، سامیرییەکان بە دانیشتوانی شاری (سامرە) دەگوترێت، کە پایتەختی پاشانشینی ئیسرائیلی کۆن بوو کە شوێنەکەی ئێستا شاری (نابلس)ە لە فەڵەستین، ساڵی ٣٣١پ.ز لەلایەن ئەسکەندەری مەقەدۆنی و ساڵی ٦٣ی پێش زایین لەلایەن ڕۆمانەکانەوە داگیرکراوە، سامرییەکان ئایینی تایبەتی خۆیان هەیە، لەچەند شتێکدا بیروباوەڕیان لەگەڵ جوولەکەکاندا جیاوازە، ئەوان کتێبە سرووشەکەی تەورات ناخوێننەوە، تەنیا پێنج سفرەکەی مووسا نەبێت، نوێژەکانیشیان لەسەر شاخی (جریزیم) لە باشووری شاری (نابلس) جێبەجێ دەکەن (١٣). سەبارەت بە (تەدمورییەکان)یش، بەو کۆمەڵە شارستانییە دەگوترێت کە لە (تەدمور)دا نیشتەجێ بوون، تەدمور، یان بووکی بیابان، یان پالمێرا شارێکە لە ناوجەرگەی بیابان لە (سووریا) لە پارێزگای (حومس)، تەدمورییەکان توانییان دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکەن لە سەردەمی شاژن زەنووبیا (٢٦٦-٢٧٢ز)دا گەیشتنە ئەوپەڕی هێز و دەسەڵات، لە ساڵی (٢٧٢ز)دا (ئۆرلیانس)ی پاشای ڕۆم وڵاتەکەی داگیرکردن (٨).

گرووپی باشووری نەتەوە سامییەکان، عەرەبەکان دەگرێتەوە، عەرەبەکان ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر کەسێک بە نێوی (نزاری کوڕی مەعد کوڕی عەدنان) کە دەکاتە باوکی (ڕەبیعە و موزر) ئیتر هەموو هۆزەکانی نەتەوەی عەرەب خۆیان بە تۆرەمەی ئەو دوو کوڕە

دادەنێن، مەڵبەندی سەرەکی عەرەبەکان بریتی بوو لە نیمچەدوورگەی عەرەبی و باشووری وڵاتی شام، هەر بۆیە بە گرووپی باشوورییەکان دەناسرێن، گەلێک لە سەرچاوەکان ئەم دوو ناوچەیە بە لانکەی سەرهەڵدانی گرووپە سامییەکان دادەنێن، تەنانەت زمانەکەیان بە بنەچەی زمانی سامییەکان دادەنێن کە ڕەنگە ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە زمانەکەیان پابەندی جۆرێک لە ڕێزمانی بەهێزە کە ئەویش دابەش دەبێتە سەر سێ بەش: عەرەبی باکوور، عەرەبی باشوور، حەبەشییەکان، بەشە باشوورەکەی خەڵکی یەمەنی کۆن و باشووری جەزیرەی عەرەبی قسەیان پێ کردووە، بە شێوەزاری سەبەئی و حیمەیری ناودەبرێت، سەبەئییەکان دەوڵەتێکیان هەبوو لە یەمەنی کۆندا، لە تەورات و هەندێ سەرچاوەی یۆنانی و ڕۆمانیدا باسی ئەو دەوڵەتە کراوە، لە پلەیەکی بەرزی شارستانییەتدا بوون، دانیشتوانەکەی بە بازرگانی زێڕ و زیو و بەردەبەنرخەکان خەریک بوون، حیمەیرییەکان دانیشتوانی کۆنی وڵاتی یەمەن بوون، ئەوان بە میراتگری سەبەئییەکان دادەنرێن، لەسەر ئایینی مەسیحی بوون. عەرەبی باکووریش بۆ هەردوو شێوەزاری عەرەبی فوسحا و شێوەزارە سەرەکییەکانی وەک: مەراکشی و جەزائیری و توونسی و ئێراقی و سووری و لبنانی و میسری و یەمەنی دابەش دەبێت (٩)، سێیەم گرووپیش کە گرووپی ناوەڕاستە، نەتەوە کۆنەکانی شام دەگرێتەوە، وەک: فینیقی و کەنعانییەکان و عیبرانییەکان.

## سامییەکان لە وڵاتی شامدا

وڵاتی شام بەو ناوچانە دەڵێن کە لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات، تا بەری ڕۆژئاوای کەناراوەکانی ڕووباری فورات درێژ دەبێتەوە، هەندێک لە سەرچاوەکان سێگۆشەی (بیابانی سینا)شی دەخەنە سەر، لە بەشی باکوورییەوە ئاسیای بچووک-ئەنادۆڵ-ە، لە بەشی باشووریشەوە بیابانی دوورگەی عەرەبییە، شوێنی وڵاتی شام گرنگ و ستراتیژە، چونکە هەر سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەرلەکۆنیشەوە سەرەڕێگای بازرگانی نێوان ئەم کیشوەرانە بووە، هەروەها ناوچەکە دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست، بەمەش بووەتە بەشێکی دانەبڕاو و گرنگی شارستانییەتەکانی کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست وەک: شارستانییەتی یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان و فینیقییەکان، ئەمە سەرەڕای سوودوەرگرتنیان لەم دەریایە لە ڕووی بازرگانی و پەرپێدانی لایەنی ئابووری کە توانیویانە بە هۆی ئەمەوە زۆر پێش بکەون، هەروەها لە ڕووی کشتوکاڵیشەوە ناوچەکە بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، بە تایبەت بەروبەمی دانەوێڵە و میوەجات، ئەمە وێڕای دەوڵەمەندی ناوچەکە بە بەرهەمی کانزایی وەک ئاسن کە بە پێی سەرچاوەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە(١٠)، خاڵێکی دیکەی گرنگی ناوچەکە ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژوو شوێنی سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکان بووە، وەک: جوولەکە و مەسیحییەت، هەروەها زۆربەی ئەو پێغەمبەرانەی کە پەیامی چاکسازییان بۆ مرۆڤایەتی هێناوە، خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون، وەک: یەعقووب و یووسف و مووسا و عیسا، لە ڕووی شارستانیشەوە، ناوچەی شام هەر لەکۆنەوە مۆڵگەی زۆر دەسکەوتی گەورەی شارستانی بووە، وەک: دۆزینەوەی نووسینی ئەبجەدی کە بۆ یەکەم جار لەلایەن فینیقییەکانەوە بە کارهێنراوە، دواتر بووەتە بنەمایەک بۆ نووسینی زۆر لە نەتەوەکانی جیهان، لە ڕووی سیاسیشەوە بە هۆی ئەو پاشخانە مێژووییەی کە هەیەتی، یەکێکە لە ناوچە ئاڵۆزەکانی جیهان و زۆرترین گرفتی سیاسی تێدابووە، نموونەی ئەمانەش وەک شەڕی خاچپەرستان و کێشەی نێوان وڵاتانی زلهێزی وەک بەریتانیا و فەرەنسا لە ناوچەکەدا، لەسەدەی بیستەمیشدا کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دیارترین وێنەی ململانێی ئەو ناوچەیە بووە، ئەمە وێڕای کێشەی ئایینی و تایفی و کەمە نەتەوایەتییەکان بەتایبەت لە لبنان و سووریا، بەم دواییانەش بەهاری عەرەبی وڵاتی سووریای وەک گەورەترین وڵاتی عەرەبی لە ناوچەکەدا گرتەوە.

سەبارەت بە مێژووی سامییەکان لە وڵاتی شامدا، وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن لەسەرەتادا سامییەکان لە وڵاتی شام نەبوون، بەڵکو لە ناوچەکانی دیکەوە بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە، ئەم ناوچەیە کە دەکەوێتە خۆرئاوای دەوڵەتە شارستانییەتەکانی ئێراقی وەک (سۆمەر و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری)، لەسەرەتادا ناوچەیەکی چۆڵ و بێ بایەخ بووە، تەنیا هەندێ نەتەوەی هیند و ئەوروپی لە ناوچەکەدا نیشتەجێ

بوون وەک (حیسییەکان) کە مۆڵگەی سەرەکییان لە ئەنادۆڵ بووە، تەنانەت بەر لەهاتنی سامییەکان بۆ ناوچەکە، بوونی هیچ مۆرکێکی شارستانیش لە ناوچەکەدا بە دی نەکراوە، دەکرێ لەمەدا چەند تێبینییەک بخەینە ڕوو وەک:

١- ڕەنگە هەبووبێت، بەڵام دوای هاتنی سامییەکان بۆ ناوچەکە لەناویان بردوون، یان شارستانییەکەیان لە ناو شارستانی خۆیان تواندووەتەوە.

٢- یان ڕەنگە ئەو نەتەوانە بەردەوام لە ململانێی نەتەوەکانی هاوسێیاندا بووبن، وەک ئەکەدییەکان لە ئێراق فریای شارستانییەت نەکەوتبن(١١).

گرنگترین ئەو مەڵبەندانەی کە (سامییەکان) لەوێوە بۆ شام کۆچیان کردبێت، بە پلەی یەکەم نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە، چونکە وەک ئاماژەمان پێی دا ئەم ناوچەیە بە مەڵبەندی ڕەسەنی سامییەکان دادەنرێت، لەوانەش (ئامووربیەکان) کە بە یەکەم نەتەوەی سامی نەژادی نیشتەجێی شام دادەنرێن، دوای ئەوانیش عیبرانییەکان بەپێی هەندێ سەرچاوە لە دوورگەی (کریت)ەوە بەرەو شام کۆچیان کردووە، ئەم کۆچەی نەتەوەکانی سامی بۆ وڵاتی شام، لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی سۆمەرییەکان لە ئێراق هاوکات بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە یەکەم گرووپی کۆچکردوو بۆ (شام) لەلایەن سۆمەرییەکانەوە بە (ئامووڕو)، واتە ڕۆژئاواییەکان ناویان براوە، کەوایە ئەم ناوەیان لەلایەن سۆمەرییەکانەوە لێ نراوە. کۆچی سامییەکان بۆ شام هەنگاو بە هەنگاو بووە، هەر بەم چەشنەش لە ناوچەکانی شامدا بڵاو بوونەتەوە، سەرەتا لە ناوەڕاستی سووریا و دواتر لە لبنان، تا دەگاتە (فەڵەستین) لە باشوورەوە، زۆر پێگە و شاری گرنگیان لە ناوچەکەدا بنیاد ناوە، ئامووربیەکان لەهەر یەک لە (لبنان و سیدۆن و عەسقەلان)یان بنیاد ناوە، چونکە زمانناسان ئەم ناوانە بۆ فەرهەنگی ئامووربیەکان دەگێڕنەوە، هەروەها (کەنعانییەکان)یش زۆر شاری گرنگیان لە کەناراوەکانی لبنان بنیاد نا کە زۆربەی شارەکانیشیان بە شوورە دەورە داوە، وەک: ئەریحا و صور و صەیدا، ئەم شوێنەوارانە تا ئەمڕۆش ماونەتەوەو پارێزگارییان لە خۆیان کردووە، بەهێزی لایەنی ئابووری و سیاسی نەتەوەیەکی وەک کەنعانییەکان وای کردبوو کە زۆر شاری گەورە، تەنانەت لە دەرەوەی شامیشدا ئاوا بکەن، کە زیاتر بە هۆی بازرگانی گەیشتبوونە ئەو

ناوچانە، وەک (قرتاجە) کە لە ساڵی (١٤٦ز) لەلایەن ڕۆمانەکانەوە داگیر و وێران کرا. سامییەکان بەتایبەت (کەنعانییەکان) ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشخستنی شارستانی لە وڵاتی شامدا گێڕاوە، بۆ نموونە ئەوان بە هۆی کاری بازرگانییان توانییان زۆر ناوچە لە جیهانی کۆندا بدۆزنەوە، هەروەها یەکەم گەشتی دەریایی درێژخایەن لە مێژوودا ئەوان کردوویانە، هەروەها توانییان بە درێژایی کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستدا زۆر پێگەی شارستانی دروست بکەن، بەتایبەت لە خۆرئاوای شام و باکووری ئەفەریقیا(١٢)، هەروەها ئامووربیەکانیش ڕۆڵی کاریگەرییان لە گەشەسەندنی شارستانی ناوچەکەدا گێڕاوە، بەتایبەت لە ڕووی بایەخدانیان بە لایەنی زمان، تەنانەت زمانی ئەوان سەردەمانێک زمانی فەرمی هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی کۆن بووە وەک: فارسەکان و ئێراقییەکان و بەشێک لە نەتەوەکانی ئەنادۆڵ. سەبارەت بەپێوەندی نەتەوە سامییەکانی شام لەگەڵ ئێراقی کۆندا زیاتر لە ڕووی ئایینی و شارستانی بووە، هەندێ پێوەندی هەبووە، بۆ نموونە ڕۆژژمێری ساڵانەو ڕەوڕەوەی بارهەڵگرتن و گواستنەوە، تەنانەت زۆر جار ئەم پێوەندییانە ئەوەندە بەهێز بووە، گەیشتووەتە ڕادەی لەناو یەکدا توانەوە، بۆ نموونە لەکاتی هێرشی (حامورابی) بۆ سەر ئامووربیەکان زۆر لایەنی ئەو شارستانییە لەناو شارستانی بابلیدا توایەوە، بەڵام زۆر لایەنی تری شارستانییەکە سەربەخۆ مایەوە، هەروەها میسرییەکان بەهۆی ئەوەی کە سامی نەبوون، نەیانتوانی ئەم تێکەڵاوی و پێوەندییانە دروست بکەن، کەچی هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هیکسۆسەکان کاتێک لە شامەوە بەرەو میسر کۆچیان کرد لە ڕەگەزی سامی بوون و توانییان تێکەڵاوییەکی گەورەی کولتووری و ژیاری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ میسرییەکاندا دروست بکەن، تەنانەت لە ناو شارستانی میسریدا توانەوە(١٣).

نموونەی نەتەوەکانی سامی لە شامدا وەک: ئامووربیەکان کە ئەوانە بە پێی سەرچاوەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بەرەو وڵاتی شام کۆچیان کردووە، وشەکە بە زمانی سۆمەری کۆن بە واتای ڕۆژئاوایی دێت، چونکە شوێنەکەیان لە ڕۆژئاوای ناوچەی سۆمەرییەکان بووە، مێژووەکەیان بۆ (٢٦٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، پایتەختەکەیان شاری (ماری) بووە، سەرەتا

هۆزێکی کۆچەری بوون، پاشان پێگەی شارستانییان لە ناوچەکەدا دامەزراندووە، لە نێوان ساڵانی (١٨٠٠-٢١٠٠پ.ز)دا چەندان خێزانی فەرمانڕەواییان دامەزراندووە. (کەنعانییەکان)یش دووەم شەپۆلی سامییەکان بوون کە بۆ (شام) کۆچیان کرد، یۆنانەکان پێیان دەگوتن (فینکی) لە عەرەبیدا بووەتە (فینیقی)، لە ساڵی (١٥٠٠پ.ز)دا لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە زۆر بە هێزبوون، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە کەمتر، زیاتر بایەخیان بە کشتوکاڵ داوە، بەتایبەت دانەوێڵە و میوە و زەیتوون (١٤)، ئارامییەکانیش بەو هۆزە سامییە کۆچەرییانە دەگوترێت کە نزیکەی سێزدە سەدە لە پێش زاییندا لە باکووری وڵاتی (مابين النهرين) لەسەر ڕووباری فوراتی ناوەڕاستدا دەرکەوتوون، دواتر چەند پاشانشینێکیان دروست کرد وەک: پاشانشینی حەما لە سەدەی یازدەی پێش زایین، هەروەها تل برسیب لە سەدەکانی نۆیەم و دەیەمی پێش زایین، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئاشوورییەکان و داگیرکردنی دیمەشق لە ساڵی (٧٣٤پ.ز)، هیچ کام لەو دەوڵەتانە نەمان کە دەورێکی گرنگیان لە بەرەو پێشچوونی شارستانی لە ناوچەکەدا هەبوو، بە تایبەتی لە ڕووی زمانەوە کە دواتر بووە زمانی کارگێڕی و بازرگانی هەموو ڕۆژهەڵاتی کۆن، ئارامی کۆن لە کۆمەڵێک شێوەزار پێکهاتبوو تا ئێستا هەندێکیان ماون وەک (سریانی و کلدانی)(١٥). زۆر هۆز و دەوڵەتی دیکەمان هەیە کە لە ناو سامییەکاندا جێگایەکی گرنگیان هەیە، لەوانە یەهوودییەکان، یان عیبرانییەکان کە دامەزرێنەری مەملەکەتی عیبرانین، لە تەورات و ئینجیل و قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە و زۆربەی پەیامبەرەکانی ناوچەی شامی کۆن سەر بەو نەتەوەن.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

**١- نووح ئەو پەیامبەرەی کە داوای چاکسازی لە نەتەوەکەی خۆی کرد، بەڵام دوای گوێ پێنەدانیان بە پەیامبەرەکەیان، نەفرەتی خواوەندیان لە ڕێگەی لافاوێکی گەورەوە بەسەردا باری و جگە لە (نووح)و شوێنکەوتەکانی، ئەوانی تر لە ناوچوون، سەرچاوەکانی ئەم بابەتە بریتین لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەک تەورات و هەندێ سەرچاوەی میتۆلۆژی وەک داستانی گەلگامێشی سۆمەرییەکان کە باسی لافاوی گەورە دەکات. «طه باقر، مقدمة في ادب العراق القديم، الوراق للنشر، بيروت، ٢٠١٠، ص ١٤٨-١٥٤.»**

**٢- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الوراق للنشر، بيروت، ٢٠٠٩، ص٨٣.**

**٣- بروانە: رالف لنتون، شجرة الحضارة، ت: احمد فخري (الدكتور)، ج٢، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة، ب.ت، ص١٨٣-٢٥٥.؛ محمد السيد الغلاب (الدكتور)، الساحل الفينيقي وظهيره في الجغرافيا والتاريخ، ط١، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٩، ص٢٠٦-٢١١.**

**٤- طه باقر، مقدمة في تاريخ..، ص ٨٦-١٠١.**

**٥- م.ن، ص٤٦٦-,٥٢٥؛ ل. ديلابورت، بلاد مابين النهرين، ت:محرم كمال، ط٢، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٩٧، ص٦٨-١٠٦.**

**٦- ليو اونهايم، بلاد مابين النهرين، ت: سعدى فيضي عبدالرزاق، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٨١، ص٢٠٤-٢١٢.؛ ديلابورت، ٢٧٨-٣٠١.**

**٧- طه باقر، مقدمة في تاريخ..، ص ٨٦-١٠١.**

**٨- فراس السواح، موسوعة تاريخ الاديان (مصر، سووريا، بلاد الرافدين، العرب قبل الاسلام)، دارعلاءالدين، سووريا، ص٥٩-٣٠٨.؛ طه باقر، مقدمة في تاريخ..، ص ٨٦-١٠١.**

**٩- حنا الفاخوري، تاريخ الادب العربي، ب.م، ب.ت، ص٣٢-٧٠.**

**١٠- بروانە: فليب متى (الدكتور)، تاريخ سوريا ولبنان وفلسطين، ت:جورج حداد (الدكتور)و عبدالكريم (الدكتور)، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٢.**

**١١- دەربارەی ئەم باسە بروانە: رالف لنتون، م.س، ص١٨٣-٢٠٥.؛ طه باقر، مقدمة في تاريخ، ص٨٣؛ محمد السيد الغلاب، م.س، ص٢٠٦-٢٣٥.**

**١٢- فليب متى، م.س، ص١٠٧-١٤٨.**

**١٣- م.ن، ص٨٥-٩٥.**

**١٤- وهيب ابى فاضل (الدكتور)، موسوعة عالم تاريخ والحضارة، ج١، نوبليس، لبنان، ٢٠٠٧، ص٨٣-١٠٧.**

**١٥- طه باقر، مقدمة في تاريخ..، ص,٩١؛ فراس السواح، م.س، ص١٣١-١٣٢.**